گوشاری بەربەرەکان وەک ڕابوردوو بەبەردەوامی هەڕەشەی لە ئیمپراتۆریی دەکرد و ببوو بەهۆی بەفیڕۆچوون و لەناوبردنی دەرەتانی ئیمپراتۆری. جگە لەوە، هەروەک پێشتر لە ئاتن ڕوویدابوو، سەرهەڵدانی نەخۆشییەک زیانی بەگەشەکردنی ژمارەی دانیشتووان گەیاند و تەنانەت ژمارەی دانیشتووانی دابەزاند. هەروەها ڕژێمی ئیمپراتۆری دیاردەیەکی ناسەقامگیر بوو، چونکە لە بواری بەدەست گرتنی حکومەت و هەڵوەشاندنیەوە بڕیارە ناڕاستەکانی ئیمپراتۆریی، یاسایەکی ورد و ڕوون نەبوو.

لەو ناوەدا تەکانی بەدیهاتوو لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئایینی مەسیحییەت نابێ بەگرنگ نەگرین. چونکە ئەم ئایینە نوێیە، بۆ فەرهەنگی ڕۆمییەکان بێگانە و بەتەواوی شۆڕشگێڕانە و دژ بەدەسەڵاتی هاوسەنگیی پاشا لەگەڵ دەسەڵاتی خودا لە لایەن لایەنگرانیەوە بوو. هۆزەکانی بەربەر کە لە سەرەتای سەدەی یەکەمی هەزارەی ئاماژە بۆ کراودا، گرفتێکی چارەسەر نەکراوبوون بۆ ڕۆمییەکان. جول سیزار توانیبووی پەلاماری گۆل بدات و بەربەرەکان بۆ دواوە بکێشێتەوە، بەڵام جێنشینەکانی بۆیان گرنگ نەبوو کە ئەوان لە دەرەوەی سنووری ئیمپراتۆریدا بهێڵنەوە. هۆزەکانی ناوەند و ڕۆژهەڵاتی وڵات پتر درێژەیان بەدوژمنکارییەکانیان دەدا. ئەم هۆزانە لەژێر گوشاری هۆزەکانی ئاسیای ناوەندیدا بوون کە کۆچیان کردبوو بۆ ئەم ناوچەیە.

لە ئاسیای ناوەندیدا، ژمارەی ڕەوەندی بیابان گەڕ، تا ئەوکاتەی کە بەڕادەی پێویست لەوەڕگەیان بۆ ئاژەڵەکانیان هەبوو لە پەرەسەندندا بوون و هەر کە لەوەڕگەکان کەم دەبوونەوە، بۆ دۆزینەوەی لەوەڕگەی نوێ و دابینکردنی ژیانیان کۆچیان دەکرد. کۆچەرەکانی ئاسیا هێندێک جار تا ئەورووپاش دەهاتن و لەسەر ڕێگای خۆیان هۆزەکانیان لەسەر ماڵ و لەوەڕگەکانیان دەردەکرد. بەم جۆرە بوو کە هەرێمەکانی شارستانییەتی دەریای سپی ناوەڕاست بەهۆی (سیمر)ەکان، (ئیکیت)ەکان (گلوا)کان و هۆزەکانیترەوە تالان کران. دوایی نۆرەی هۆزی جەرمان هات کە بەهەرێمی سکاندیناڤیا بەرەو باشوور و ڕۆژهەڵات ڕۆخی ڕاین و دانوب بڵاوببنەوە. لە ساڵی ١٦٦ و لە سەردەمی حوکمی (مارک ئورل) (١٢١-١٨٠)، هۆزی جەرمانی (مارکومان) لە دانوبی سەروو تێپەڕی و بۆ ماوەی پانزدە ساڵ دژی ڕۆمییەکان شەڕیان کرد. ئەم شەڕە سەرەتای دەستپێکردنی هێرشی بەربەرەکان بوو کە هەرچەند ماوەیەک دووپات دەبووەوە و ڕۆم ناچار بوو کات و نرخێکی زۆر تەرخان بکات بۆ کۆنترۆڵ کردنیان.

لە ماوەی هێرشی مارکوماندا، بەهۆی ئەو سەربازانەوە کە لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتدا شەڕیان دەکرد، نەخۆشیی تاعون تەشەنەی کردە ناو ئیمپراتۆریی ڕۆم. ئەم نەخۆشییە ترسناکە بەشێوەیەکی بەرچاو ژمارەی دانیشتووان و بەرهەمەکانی ڕۆمی دابەزاند کە ئیمپراتۆریی هەرگیز نەیتوانی بەتەواوی قەرەبوویان بکاتەوە. جگە لەوە، چونکە سیستمێکی وردی گواستنەوەی دەسەڵات نەبوو، سوپا وەک هێزی سەرەکیی ئیمپراتۆری، بەویستی خۆی ئیمپراتۆرەکانی دەگۆڕی. لە ساڵی ٦٨دا کە (نرون)(٣٧-٦٨) کۆچی دوایی کرد، فەرماندە جیاوازەکانی سوپا یەک بەدوای یەکدا بوونە خاوەن تاج و تەخت و ئەم ڕەوتە درێژەی هەبوو تا هاتنی (وسپازین) (٩-٧٩) کە ئەویش فەرماندەیەکی سوپا بوو و توانی




کۆنترۆڵی ئیمپراتۆریی بەدەست بگرێ و هێمنایەتی بگەڕێنێتەوە وڵات. قەیرانی نوێ بەدوای (مارک ئورل)دا ڕوویدا و فەرماندەکانی سوپا بۆ ماوەی سەدەیەک بەدڵی خۆیان ئیمپراتۆریان دەگۆڕی. نەبوونی سیستمێکی ڕوون بۆ کۆکردنەوەی باج، ئابووری ئیمپراتۆریی لە پێ خستبوو و سەرئەنجام خەڵک باوەڕیان بەدەوڵەت و دەزگاکانی نەما. چارەسەرکردنی ئەم گرفتە سەرەکییانە گۆڕانی بنەڕەتیی لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا پێویست بوو.

هێندێک لە ئیمپراتۆرەکان ڕوویان لە چاکسازی کرد تا بەم ڕێگایەدا پێش بەهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی بگرن، بەڵام سەرنەکەوتن. بۆ نموونە، (دیوکلەتین) (٢٤٥-٣٠٥) بۆ ئاسانکاریی لە سیستمی بەڕێوەبەرایەتیدا، ئیمپراتۆریی دابەشکرد بەسەر چوار هەرێمدا. هەروەها وازی لە بیری سیستمە کۆنەکانی کۆماری خوازیی هێنا و سیستمی ئیمپراتۆریی وەک ڕژێمێکی نەگۆڕی پاشایەتی لێ کرد. بەڵام هەوڵەکانی پتر ئیمپراتۆریی لاواز کرد و ڕێبەرانی چوار هەرێمە ئاماژە بۆ کراوەکان پێکەوە هەڵیان نەکرد و شەڕیان لەناودا هەڵگیرسا.

**کۆنستانتینی یەکەم دەبێتە ئیمپراتۆری ڕۆم و ئیمپراتۆریی ڕۆم دەکاتە مەسیحی:** کۆنستانتینی یەکەم (٢٨٨-٣٣٧)، کە ساڵی ٣٠٦ بوو بەئیمپراتۆری ڕۆم، (بیزانس)ی کردە پایتەختی خۆی و ناوی کۆنستانتینۆپلی (قوستەنتەنیە- ستەمبول) لەسەر دانا. ڕەنگە ئەمە سەرەتای گەورەترین گۆڕانی چارەنووسیی ئیمپراتۆری بووبێت کە لە کەنارەکانی (بسفۆر) ڕوویداوە. پایتەختی نوێ هەلومەرجێکی باشی هەبوو، بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆری گەلێک سامان و فەرهەنگی بەقازانجی خۆی کۆکردەوە و بۆ بەشی ڕۆژئاوا بوو بەمایەی بێ بەشی. لەو سەردەمەدا هۆزەکانی جەرمان پتر مەترسییان لێدەکرا و کاتێک هونەکانی ئاسیای ناوەندیی بەرەو ڕۆژئاوا چوون، (گێت)ە ڕاوکەرە دەرکراوەکان لە وڵاتی خۆیان، لە هەوڵی ڕزگارکردنی خۆیاندابوون لە ناو ئیمپراتۆرییەکەدا.

ساڵی ٣٧٦ز هۆزەکانی (ویزیگێت) لە دانوب تێپەڕین و خۆیان گەیاندە نیوەدوورگەی باڵکان. هەڵسوکەوتیان پتر لە پەناهێنەر دەچوو تا هێرشکەر، بەڵام ڕاپەڕین بەهۆی زوڵمێکەوە کە لە لایەن ڕێبەرانی ڕۆمەوە لێیان کرابوو. ڕۆژی ٩ی ئەوگوستی ٣٧٨ز شەڕی (ئاندرینوپۆل) سەری هەڵدا. گێتەکان لە بابەت سەرکەوتنی خۆیان لەو شەڕەدا، قەرزداری ڕکێفی ئەسپەکانیان بوون کە لە ئاسیای ناوەندیدا ڕام کرابوون. سوارەکان بەکەڵک وەرگرتن لە ڕکێفی ئەسپەکانیان قیت و بەهێز خۆیان لەسەر پشتی ئەسپەکانیان ڕادەگرت و کاتی هێرش بۆ سەر دوژمن بەپشتی ئەسپەکانیانەوە دەنووسان و بەدوای ئەوەدا کە نێزەکانیان لە دوژمن دەدا، قیت دەبوونەوە و سەرلەنوێ خۆیان بۆ پەلاماری نوێ ئامادە دەکرد و بەهەموو هێزەوە دوژمنیان پەلامار دەدا. سوارە شەڕکەرەکانی گێت، لەشکری ڕۆمیان شکاند و بەم جۆرە سوپای ڕۆم دوای حەوت سەدە تامی تاڵی شکستی چێشت و بەدوای ئەوەدا سوارەی شەڕکەر بوو بەسوڵتانی شەڕەکان. ڕۆمییەکان سەرەڕای ئەم شکستەیان سەرلەنوێ خۆیان گرتەوە و لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی (تیۆدۆس)ی یەکەمدا (٣٤٦-٣٩٥) بۆ دواجار یەکێتی خۆی بەدەستهێنایەوە و دوای




ئەوە ڕۆم لە نێوان دوو کوڕی تیۆدۆسدا بەشکرا. (ئارکادیۆس)(٣٧٢-٤٠٨) سەرۆکایەتی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریی بەدەست گرت کە پایتەختەکەی قوستەنتەنیە بوو و (هۆنوریۆس)(٣٨٤-٤٢٣) بوو بەخاوەنی بەشی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریی کە سەرەتا شاری میلان و دواتر شاری ڕاوێن پایتەختی بوو.

ئەو دوو برایە کە زۆر بێکارە و کار لە دەستنەهاتوو بوون، توانای بەڕێوەبردنی وڵاتیان نەبوو، سوپای ڕۆمیان ناچارکرد کە لە جیاتی ئەوان لە فەرماندەکان و تەنانەت سەربازانی سوپا بۆ سەرۆکایەتی وڵات کەڵک وەرگرێت.

**تالانکردنی ڕۆم لە لایەن ویژەیگێتەکانەوە:** ئیمپراتۆریی ڕۆم تەنیا وەک وێنەیەک لە ڕابوردووی شکۆداریی مابوو. لە ساڵی ٤٠٦دا هۆزەکانی جەرمان هێرشیان کردە سەر گۆل و یەکەکانی ڕۆم نەیانتوانی پاشەکشەیان پێ بکەن. ڕۆمییەکان ساڵی ٤٠٧ بریتانییان بەجێهێشت و ساڵی ٤١٠ شاری ڕۆم لە لایەن ویژیگێتەکانی ئالاریکەوە (٣٧٠-٤١٠) تالان کرا. ئەم ڕووداوە، بەدروستی دوای هەشت سەد ساڵ بەسەر تالانی ڕۆم لە لایەن گلواکاندا ڕوویدا. ئیمپراتۆریی ڕۆمی ڕۆژئاوا هەڵوەشا و ویژیگێتەکان لە باشوری ڕۆژئاوای گۆل لە ئیسپانیا وڵاتێکیان بۆ خۆیان دامەزراند. هۆزێکی تر بەناوی (واندال)، هەرێمی ئەفریقای باکوری داگیر کرد و هونەکانیش هەنگاوێکی بەم جۆرەیان نا و سوڵتانەکەیان (ئاتیلا) (٤٠٣-٤٥٣) ئیمپراتۆرییەکی بلاوی یەک نەگرتووی دامەزراند کە لە دەریای خەزەرەوە تا دەریای ئەتلەس درێژەی هەبوو.

**شکانی ئاتیلا:** لە یونی ٤٥١دا سوپای ڕۆم و گێت بەسەرۆکایەتی (ئێس) لە ناوەندی گۆل، لە نێوان



(تروی) و (شالن سور- مارن) ئاتیلایان شکاند و ناوبراو دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا کۆچی دوایی کرد و ئیمپراتۆرییەکەشی بەردەوام نەبوو. هەرچەندە هونەکان لەناوچوون، بەڵام زیانێکی قەرەبوو نەکراویان گەیاند.

**ڕوخانی ئیمپراتۆریی ڕۆژئاوا، ئەوروپا پێ دەنێتە سەدەکانی ناوەندی:** ئیمپراتۆریی ڕۆژئاوا بەتوندیی بەرەو هەڵوەشان دەچوو. لە ساڵی ٤٧٦دا دوا ئیمپراتۆری ڕۆم (ڕۆمۆلۆس ئەوگوستۆلۆس) کە پایتەختەکەی لە ئیتالیا بوو، لە حوکم کەوت و جێنشینی بۆ دیاریی نەکرا. ئەم ڕووداوە بۆ مێژوو بەواتەی کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریی ڕۆمە. دیارە ئەمە بۆچوونێکی ساکارانە بوو، چونکە ئیمپراتۆریی ڕۆژئاوا لەناوچوو بوو، بەڵام ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵات وەک پێشوو بەهێز و تواناوە بەردەوام بوو. سەرەڕای ئەوەش، ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییە ئەنجام گرتووەکان دەستپێکی سەردەمێکی دژواریان ڕادەگەیاند و بەبیری خەڵکیان دەهێنایەوە، کە گەشەکردنی شارستانییەت هەمیشە دەتوانێت بەپێچەوانە بسوڕێتەوە.

**لەناوچوونی شارستانییەت:** هۆزی جەرمان لە هەموو ئەوروپادا جێ پێی خۆی بەهێز کردبوو. ئیتالیا لە ساڵی ٤٩٨دا لە لایەن ئۆستروگێتەکانی سوڵتان (تیۆدۆریک) (٤٥٤-٥٢٦) داگیر کرا. (ئەنگل)ەکان، (ساکسۆن)ەکان و (ژووت)ەکان هێرشیان کردە سەر دوورگەی برتانی.

ساڵی ٤٨١ نۆرەی گۆل هات کە بکەوێتە کۆنترۆڵی هۆزێکی نوێی جەرمان بەناوی (فرانک) بەسەرۆکایەتی (کلۆدین) (٤٦٦-٥١١). لە ساڵی ٥٠٠ بەکردەوە شوێنەوارێک لە ئیمپراتۆریی ڕۆمیی ڕۆژئاوا نەمابوو. دۆخی سیاسی بەتەواوی گۆڕابوو. هەرێمەکانی ژێردەستی بەربەرەکان کە پاشماوەی چینی خوارووی ڕۆمییەکانی نیشتەجێ بوون، لە لایەن بەگزادەکانی پێگەیشتووی جەرمانەوە بەڕێوە دەچوو. لە ڕوانگەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە، دەبووایە شتی وا ڕوو بدات کە کۆمەڵ لە دەست ئیمپراتۆر ڕزگار بکات و کۆمەڵگایەکی نوێ و خۆڕاگر دابمەزرێت، بەڵام نرخی دراو بۆ ئەو گۆڕانە لەناوچوونی زانستی یۆنان و مەزنترین دەستکەوتی ڕێکخستنی لاتین واتە دەستکەوتە یاساییەکانی بەدواوە بوو. ئەم بارودۆخە لەو ڕووداوە دەچوو کە پێشتر بۆ سۆمەرەکان ڕوویدابوو. بەلەناوچوونی شارەکان، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و خراپ بوونی جادەکان، ڕۆژئاوای ئەوروپا پێی نایە سەردەمی ستەمکارییەوە (سەدەکانی ناوەندی). بەڕای ڕۆژئاواییەکان ئەم ستەمکارییە هەموو جیهانی گرتبووەوە، بەڵام ئەمە بۆچوونێکی ناڕاست بوو. ئیمپراتۆریی ڕۆمیی ڕۆژهەڵات و زۆربەی وڵاتانی ئاسیا ئاوەدان و چوارچێوەی بەرزی شارستانییان ڕاگرتبوو. هەروەها ئەوە شارستانییەتی ڕۆژهەڵات بوو، لە دەبوو بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا بگەڕێتەوە و دیسان ڕۆژهەڵات بوو کە پارێزگاریی کە میراتە زانستیی و فەرهەنگییەکانی یۆنان کردبوو و لەوێ بوو کە تیشکی زانست بەسەدان ساڵ خۆی ڕاگرتبوو، لە کاتێکدا ڕۆژئاوا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای نوێ لە گوماندا بوو. زۆربەی هۆزەکانی جەرمان بەزوویی لەناوچوون. (واندال)ەکانی ئەفریقای باکور، ساڵی ٥٣٤ لە لایەن ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵاتەوە خاشەبڕ کران و ئوستروگێتەکانییش ساڵی ٥٤٤ توشی ئەم چارەنوسە بوون. هۆزێکی تری جەرمان بەناوی (لمباد) ئەم

هەلەی قۆستەوە و ئیتالیای خستە دەست خۆی و نەیهێشت ڕۆم سەرلەنوێ دەسەڵات پەیدا بکاتەوە. ویژیگێتەکانی ئیسپانیا لەوە دەترسان کە لە لایەن هۆزێکەوە پەلامار بدرێن کە لە هەرێمی (مۆریتان)ی لە باکوری ئەفریقاوە هاتبوون و بەمۆر دەناسران. مۆرەکان لە ماوەی سەدەکانی ناوەندیدا مەترسی مەزنی ئەوروپاییەکان بوون. تەنیا وڵاتی گەشەکراوی جەرمان، وڵاتی فرانکەکان بوو، کە بەداخەوە فرانکەکان لە نێوان پەلاماردەرانی تری ڕۆمدا کەمتر گەشەیان کردبوو و دەسەڵاتدارییەتی فرانک شارستانییەتی بەرەو دواوە کشاندەوە.

سەرەڕای ئەوەش، ئەوان ناوی خۆیان لەسەر گۆل دانا، کە ئەمڕۆ ئێمە بەوڵاتی فەرانسەی دەناسین. فرانکەکان بیری دابەشکردنی وڵاتیان لە نێوان منالّەکانیاندا هەبوو. لەبەرئەوە پارچەپارچە کردنی وڵات و شەڕی براکوژیی نەپساوە، دیاردەیەکی باو بوو لە ناویاندا و ئەمەش بەتوندیی یارمەتی بەزیادبوونی کۆیلەیەتی دەکرد، بەڵام ویستی پەیداکردنی زانیاریی و بەخۆهاتنەوە لە هێندێک شوێندا بەرچاو کەوت. بۆ نمونە لە سەردەمی حوکمی (مروونژین)ەکاندا، کە ناوی خۆیان لە یەکێک لە نەوەکانی (کلۆدیس) بەناوی (مرووە) وەرگرتبوو، چەند کەسێکیان هەوڵی کۆتایی پێهێنانی ستەمکارانی دەوروبەریاندا، بەڵام ئەوانیش بەرەو نەمان چوون و دوا پاشاکەیان لە بنەماڵەی (داگۆبر) (٦٠٥-٦٣٢) سەرۆکی هەموو فرانکەکان بوو.

**شارل مارتل عەرەبەکانی لە پواتیە شکاند:** دوای مردنی داگۆبر، بنەماڵـــــەی کارلێنەهاتوو، تەنیا دەسەڵاتێکی ڕواڵەتیان مابوو و دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەست وەزیرەکان و بەڕێوەبەرانی کۆشکەکاندا بوو. شارل مارتل (٦٨٨-٧٤١) لەو ناوەدا لە هەموویان بەدەسەڵاتتر بوو. دژی عەرەبەکان یا (سارازن)ەکان کە ئیسپانیایان داگیر کردبوو و بەهەڕەشە بۆ ئەوروپا دەژمێران، ڕاوەستا و سوارە شەڕکەرەکانی پڕچەک کرد و ئەسپی بەهێزی بۆ دابینکردن کە بتوانن سوارەی زرێپۆش هەڵگرن. ئەم گروپە سەرتاپا زرێپۆشانە کە عەرەبەکان نەیانتوانی لە بەرامبەریاندا ڕاوەستن، شارل مارتلیان لە (پواتیە) سەرخست. پەلاماردەران بەرەو بنارەکانی (پیرینە) پاشەکشەیان کرد و شارل هەلی بۆ ڕەخسا کە شوێنە خراپ بووەکان نوێ بکاتەوە. کوڕی شارل بەناوی (پەپەن لوبرۆڤ) (٧١٤-٧٤٨) دوای مەرگی باوکی، ئەرکی وەزیری کۆشکی پاشای لەئەستۆ گرت، بەڵام لە ساڵی ٧٥١دا، دوا (پروونژین)ەکانی لە حکومەت خست و جێی ئەوانی گـــــرتەوە و حوکمی بنەماڵەی کارولنژینیی دامەزراند. لە سەردەمی حوکمی کوڕەکەیدا لە ساڵی ٧٦٨ کە شارلی (٧٤٢-٨١٤) ناو بوو، بەڕادەیەک جێگەی شانازیی بوو، کە نازناوی شارلمانی واتە شارلی مەزنیان پێ بەخشی. شارلمان هەوڵی بەرفراوانکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیدا. سەرەتا هێرشی بردە سەر عەرەبەکان و بەشێک لە خاکی ئەوانی لە باشووری (پیرنە) (مارش ئیسپانیا )ی داگیرکرد و دوای ئەوە، وڵاتی (لمباد)ی لە ئیتالیای باکور وێرانکرد و خستییە ژێردەستی خۆی و سەرئەنجام دژی (ساکسۆن)ەکان بەرەو ڕۆژهەڵات چوو و دوای شەڕێکی سەخت، ئەوانیشی خستە ژێردەستی خۆی.



**شارلمان دەبێتە ئیمپراتۆر:** ساڵی ٨٠٠ شالمان خۆی کرد بەئیمپراتۆر تا خۆی لە پەیوەندییە کۆنەکانی ئێمپراتۆریی ڕۆمی ڕۆژئاوا جیا بکاتەوە، بەڵام ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵات ئەوی بەڕەسمی نەناسی. ئیمپراتۆریی فرانک کە شارلمان سەرۆکایەتی دەکرد لەو وڵاتە ناسراوانەی ئەمڕۆ پێک هاتبوو، وەک: فەرانسە، هۆڵەند، بەلجیک، بەشێک لە خاکی ئاڵمانیای ئەمڕۆ، بەشێکی مەزن لە ئیتالیا و باکوری ئیسپانیا . لە نێوان ئەو هەرێمانەدا کە پێشتر ئیمپراتۆریی ڕۆمیی ڕۆژئاوایان پێک هێنابوو، تەنیا ئەفریقای باشوور و بەشێکی مەزنی ئیسپانیا کە لە دەست عەرەبەکاندا بوون و برتانی ساکسون (ئینگلستانی ئەمڕۆ ) کە سەربەخۆ بوو، لە ژێردەسەڵاتی شارلماندا نەبوون. لەجیاتی، ئیمپراتۆرییەکەی بریتی بوو لەو وڵاتانەی کە هەرگیز سەر بەئیمپراتۆریی ڕۆم نەبوون.

هەرچەندە لە ئیمپراتۆریی شارلماندا ئاشتیی وەک سەردەمی ڕۆمییەکان نەبوو، بەڵام توانی تا ڕادەیەک ئیمپراتۆرییەکەی لە ئاشتییدا ڕابگرێت و چەند شارستانییەتێک پێک بێنێت. لەو کاتەدا ژمارەی دانیشتووانی گۆل پەرەی دەسەند و شا خوێندنگەیەکی دانا و خەڵکی بەرەو خوێندن و پەروەردە بوون هاندا. کۆیلەیەتی لە پاشەکشەدا بوو، بەڵام بەداخەوە دوای مردنی شارلمان دەستکەوتەکانی فەوتان. تاقە کوڕەکەی بەناوی (لویی لوپیوە) یا دبونر (٧٧٨- ٨٤٠) کە ئەویش چەند کوڕی هەبوو، بەپەیڕەوی کردن لە بۆچوونە کۆنەکان، وڵاتەکەی دابەشکرد بەسەر جێنشینەکانییدا. لەبەر ئەوە سەرلەنوێ شەڕی ناوخۆیی سەری هەڵدایەوە و تا کۆتایی هاتنی حکومەتەکەی بەردەوام بوو و بەم جۆرە ئەوروپا جارێکی تریش کەوتەوە ناو زوڵم و ستەمکارییەکانەوە. ئیمپراتۆریی شارلمان لە ساڵی ٨٤٣دا و بەگوێرەی پەیمانی (وردن) لە نێوان سێ کوڕی لویی دا بەشکرا و بەهەمیشەیی بڵاوەی پێ کرا و ڕێگا بۆ دانانی یاسای بنەڕەتی دوو وڵاتی جیاواز لە یەکتر کرایەوە. هەر وڵاتەی بوو بەخاوەنی زمان و داهاتووی خۆی: وڵاتی ئاڵمانیا لە ڕۆژهەڵات و وڵاتی فەرانسە لە ڕۆژئاوادا. هۆیەکی تری لەناوچوونی ئیمپراتۆریی فرانک دەگەڕایەوە بۆ هێرشە نوێیەکان کە لەو کاتەدا بوو سکاندیناڤیا لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەپەلەی ژمارەی دانیشتووانی ڕووبەڕوو ببووەوە و چونکە دۆزی سەخت و دژواری ئاو و هەواکەی دەرەتانێکی زۆری بۆ دانیشتووانی نەبوو، ڤایکینگەکان بەزەوی و دەریادا، بەشوێن وڵاتی نوێ و دەستکەوتی نوێدا گەڕان. سویدییەکان خۆیان گەیاندە ڕوسیا و دزەکانی دەریایی نەرویج و دانمارک لە کەنارەکانی دوورگەکانی بریتانیا و ئیمپراتۆریی فرانکدا خەریکی ڕاووڕوت بوون و تەنانەت تا دەریای سپی ناوەڕاستیش چوون. لە بەشی ڕۆژهەڵاتیشدا مەترسی نوێ سەری هەڵدا. (ئاڵن)ەکان ئیپمراتۆرییەکی وەک ئیمپراتۆریی شارلمانیان دامەزراند و هۆزەکانی بولگارییش ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیان تاڵان کرد. لە دەریای سپی ناوەڕاستدا، دزەکانی دەریایی سارازن (عەرەب)، سیسیل و ساردینیا و (بالەئەر)یان داگیر کرد. پاشاکانی ئەو ناوچانە کەسانی کارلێنەهاتوو و بێدەسەڵات بوون و خەڵکی بازاڕ و کۆڵانەکان بەهۆی مەترسییەوە پاڵیان بەو بەگزادانەوەدا کە بڕیاری بەربەرەکانییان دابوو. بەو جۆرە یەکێک لە پاشا کارلێنەهاتووەکانی فرانک بە ناوی (شارلی) سێیەم (٨٧٩-٩٢٩)، کە ساڵی ٨٩٣، دەسەڵاتی بەدەست گرتبوو، بەگوێرەی پەیمانێک لەگەڵ هێرشکەرانی (نۆرماند) کە ساڵی ٩١١، لە شوێنی تێکەڵ بوونی

ئاوی ڕووباری (سن) لە دەریا، هەرێمێکی پێ بەخشین کە بەناوی (دوونۆرماندی) ناسرا. هەڵسوکەوتی لە (کنتی) پاریس بەتەواوی جیاواز بوو، لەوێ لە بەرامبەر نۆرمانەکاندا ڕاوەستا و لە ساڵی ٨٨٥دا پاشەکشەی پێ کردن.

سەیر نەبوو کە بەدوای ئەوەدا فرانکەکان کۆتایی بە(کارولنژن)ەکان بێنن. بەدوای ئەو بنەماڵەیە، لویی سێیەم (٨٩٣-٩١١) سەرۆکایەتی فرانکەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی دەکرد. دوای مەرگی لویس هیچ کەس جێگەی نەگرتەوە و جەرمانەکان ڕێبەرێکیان لە نێوان بەگزادەکانی خۆیان هەڵبژارد. لە بەشی فرانکەکانی ڕۆژئاوادا (لۆتر) دوا سەرۆکی کارولنژنەکانی فەرانسەوییەکان بوو، کە ساڵی ٩٨٦ کۆچی دوایی کرد. ئەو برازا بچوکەکەی (ئود)، واتە (هۆگ کاپە) بوو کە جێی لۆتری گرتەوە، بەڵام هیچ کام لەو دوو وڵاتە بەسەرۆکایەتی پاشا نوێیەکان، نەیانتوانی دەوڵەتێکی بەهێز و یەکگرتوو دامەزرێنن.

شەڕی ناوخۆیی کارولنژنەکان و هێرشی ڤایکینگەکان دەسەڵاتی ناوەندییان بەقازانجی چینی ئەشراف لەرزۆک کرد. ئیمپراتۆریی فرانکەکان بەتایبەتی بەشی ڕۆژئاوای، واتە فەرانسە دابەشکرابوو بەسەر چەند هەرێمکدا و (پرنس)ە حاکمەکانیان بەکردەوە سەربەخۆ بوون. سەرئەنجام ئەوروپای ڕۆژئاوا پارچە پارچە کرا و شەڕ لە نێوانیاندا ڕواڵەتێکی باوی بە خۆیەوە گرت و دەرەبەگایەتی بەسەریدا زاڵ بوو. تاج و تەختی ئیمپراتۆریی شارلمان کە بەمیرات بۆ کارلێنەهاتووەکان مابووەوە، تەنیا بایەخێکی ڕواڵەتییان هەبوو.

**ئاوتۆنی یەکەم لە سەرووی ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆمدا:** ساڵی ٩٣٦ ئەوتۆن (٩١٢- ٩٧٣) سەرۆکایەتی جەرمانی بەدەست گرت و بەدەسەڵاتترین پاشا بەدوای شارلماندا بوو و بڕیاریدا سەرلەنوێ گەورەیی بۆ ئیمپراتۆریی بگەڕێنێتەوە.

ئەوتۆن سەرەتا کەسانی خاوەن دەسەڵاتی ناوچەیی لەناوبرد و دوایی هۆزی (ماژیار)ی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون شکاند و سەرئەنجام هێرشی بردە سەر ئیتالیا و لە ساڵی ٩٦٢دا تاجی ئیمپراتۆریی لەسەر خۆی دانا. ئەم ڕووداوە لە دایکبوونی سەرلەنوێی ڕۆم بوو لە ڕۆژئاوادا، دیارە ئەم ئیمپراتۆرە تەنیا ناسنامەی ڕۆمیی هەبوو، چونکە تەنیا ئاڵمان و باکوری ئیتالیای دەگرتەوە. لەبەر ئەوە، بۆ جیاکردنەوەی لە ئیمپراتۆریی کۆنی ڕۆم کە گەورەترو بۆ ماوەیەکی زۆر نا مەسیحیی بوو، ناوی ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆمیان لەسەر دانا. ئەوتۆنی سێیەم کە نەوەی ئەوتۆنی یەکەم بوو، ساڵی ١٠٠٠ی ز لە تەمەنی بیست و دوو ساڵییدا بەحوکم گەیشت. شازادە خانمێکی لە ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵات مارەکرد و دەرگای کۆشکەکەی بەسەر شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتدا کردەوە، کە گەشەکردووتر بوو لە شارستانییەتی ڕۆژئاوا. لە فەرانسە زەق بوونەوەی دەرەبەگایەتی دەسەڵاتی پاشای کە لەوکاتەدا (ڕۆبر)ی دووەم کوڕی (هۆگ گابە) بوو، بەتەواوی بەربەست کردبوو. بۆ نمونە ڕیچاردی دووەم، دوک نۆرماندیی بەهێزتر لە ڕۆبردی دووەم بوو. ئینگلیستان، ئانگلۆساکسۆن ئازارێکی زۆری بەدەست هێرشکەرانی دانمارکیی لە کەنارەکانی وەڵات چێشت، بەڵام بەرەبەرە بەهێز بوو.



لە ئینگلیستان پاشایەکی خاوەن تێبینیی بەناوی (ئالفرێد) (٨٤٩-٨٩٩) لە ساڵی ٨٧١دا دەسەڵاتی گرتە دەست. بەداخەوە جێنشینەکەی نەیتوانی ڕێگای ئەو بە دروستی بگرێتەبەر. ساڵی ١٠٠٠ی ز ئینگلیستان بەهۆی (ئاتلرێد لاندس) (مردد) کە نازناوەکەی ڕاگەیەنەری کەسایەتی ئەو بوو، سەرۆکایەتی دەکرا. لەجیاتی ئەوەی کە پاشەکشە بەدانمارکییەکان بکات، بۆ دەرچوونیان لە ئینگلیستان باجی دانێ. ساڵی هەزاری زایینیی شاهیدی دەسەڵاتی بەرز و باڵای دەرەبەگایەتی بوو لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا، بەڵام دەرەبەگایەتی لە سەدەکانی ناوەندییدا لە نەمان نزیک دەبووەوە و هێندێک جار وەک ڕابوردوو، پێشکەوتنی تێکنیک ڕۆڵی ناوبژیکەرانەی لە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگادا هەبوو. دۆزینەوەکان بەڕواڵەت زۆر سادە و خاوەن گرنگایەتی تایبەت بوون و بەم جۆرە بوو کە دۆزینەوەی قایشی سەرشان و تەنگەی ئەسپ دەرەتانی بەستنی گاسن و ئاموری خۆشکرد.

گاسنی ئەوکاتە بەپێچەوانەی گاسنەکانی پێشوو، بەشێکیان بۆ هەڵگێڕانەوەی خاکی قورس و شێداری زەوییەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئەوروپا بۆ دوولای دەوروبەر هەبوو کە ئەمە دەرەتانی چاندنی بۆ جوتیاران دەڕەخساند. ئەم دۆزینەوەیە بەجۆرێک لە چارەسەری بەرهەمە خۆراکییەکاندا کاریگەریی هەبوو، کە لە کۆتایی هەزارەی یەکەمدا، جارێکی تریش ژمارەی دانیشتووانی ئیمپراتۆریی ڕۆمی بەرزکردەوە، واتە ژمارەی دانیشتووانی لە فەرانسە گەیاندە شەش میلیۆن کەس و لە بەشەکانی‌تری ئیمپراتۆریی پیرۆزدا کردە هەشت میلیۆن کەس. پێشتر بینیمان کە هێزی بیرکردنەوەی مرۆڤ سەرەڕای گیروگرفتی زۆر و لەوانە بۆچوونی سیاسی زیانبار، دەرەتانی گەشەکردنی ڕەخساندووە. ئەوەی کە هەشت هەزار ساڵ پێش زایین وەک ڕاستییەک هەبوو و لە ساڵی هەزاری پێش زایینیشدا وەک خۆی مایەوە.

**ڕۆژهەڵات بەبەردەوامیی لەسەر پێیە:** ئیمپراتۆریی ڕۆمیی ڕۆژهەڵات لە دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریی ڕۆژئاوادا لە ساڵی ٤٧٦ وەک پێشوو درێژەی بەردەوامیی خۆیدا. پایتەختی ئیمپراتۆریی لە کۆنستانتینۆپل بوو و ئیمپراتۆر خۆی بەخاوەن هەرێمەکانی ڕۆژئاوا دەزانی. بەڵام ئیمپراتۆریی وەک هەمیشە هیچ سیستم و یاسایەکی ڕەسمیی بۆ هەڵبژاردنی ئیمپراتۆرەکان نەبوو. گفتوگۆ لەنێوان نەوەکانی ئیمپراتۆرە کۆنەکاندا و گوشاری سەربازیی، پێکهێنەری ژیانی سیاسی بوون و سەقامگیر نەبوونی ئاساییشی ناوخۆیی بەڕادەی مەترسییە دەرەکییەکان زیانیان بەئیمپراتۆریی دەگەیاند. لە ڕۆژهەڵات ئیمپراتۆریی پارت جێی خۆی دابوو بەئیمپراتۆرێکی‌تری ئێران و ئەویش بەشێوەی کۆن درێژەی بەشەڕ دژی ڕۆمییەکان دەدا. جگە لەوە، هۆزی نوێش هەبوون کە لە ڕووباری دانوب پەڕینەوە کە هێرش بکەنە سەر باڵکان. ئیمپراتۆریی ڕۆژهەڵات سوپایەکی بەهێزی هەبوو کە دەیتوانی پاشەکشە بەهێرشکاران بکات و شوێنە ستراتیژییەکان لەوانە کۆنستانتینۆپل بەتەواویی بەهێز و خۆڕاگر بوو. پایتەخت بەدیواری بەهێز دەوری گیرابوو و دەریای دەوروبەریشی بەهێزی دەریایی چاودێریی لێ دەکرا. لەبەر ئەوە هیچ هێرشکەرێک نەیدەتوانی بە زەوی و دەریادا ئەم شارە داگیر بکات، بەڵام شەڕی بەردەوام، لە لایەک شەڕکەرەکانی لە پێخست و لە لایەکی دیکەشەوە خەزێنەی ئیمپراتۆریی بەتاڵ کرد. ساڵی

٥٢٧ ئیمپراتۆرێکی لێهاتوو بەناوی (ژۆستی نیێن) (٤٨٣-٥٦٨) دەسەڵاتی گرتەدەست و ویستی سەرلەنوێ رۆژئاوا داگیر بکات و لەگەڵ (بلایز) کە فەرماندەیەکی بەهۆش و بلیمەت بوو، پلانەکەی جێبەجێ کرد. ساڵی ٥٣٣ بلایز بەلەشکرێکی بچوک ولاتی (واندال)ی داگیرکرد و سەرلەنوێ ئەفریقای باکوری خستە دەست خۆی. قەرتاج، پایتەختی واندل سەدەیەک دوای وێران بوونی، سەرلەنوێ نوێکرایەوە و وەک شارێکی گرنگی رۆمیی لێ هاتەوە.


بلایز دوای ئەو سەرکەوتنەی هەوڵیدا ئیتالیا لە دەست ئۆستروگێتەکان دەربێنێ. ئەم هەوڵدانە دژواتر لە هەوڵدانەکەی رابوردوو بوو، دەبووایە بۆ بەئامانج گەیشتن بیست ساڵ خۆی راگرێت و سەرئەنجام جێنشینەکەی بەناوی (نارسس) کە بەرێوەبەر و رێبەرێکی لێهاتوو بوو، پلانەکەی سەرخست. تەمەنی نارسس لە سەرووی حەفتا ساڵ بوو کە ئەرکی فەرماندەیی سوپای لە ئەستۆ گرت. لە ساڵی ٥٥٤دا، هێزەکانی رۆمی رۆژهەڵات خۆیان گەیاندە بەشێکی کەنارەکانی ئیسپانیا و هەموو ئەو سەرکەوتنانە لە کاتێکدا ئەنجامیان گرت کە ئیمپراتۆریی لە رۆژهەڵات دژی ئێران و لە باکور دژی پەلامارەدەران لە شەرێکی قورس و دژواردا بوو. ئەم سەرکەوتنە پاڵەوانانەیە، ئیمپراتۆریی رۆژهەڵاتی لەپێ خست، بەچەشنێک نەیتوانی پارێزگاری لەو هەرێمانە بکات کە داگیری کردبوون و دیسان کەوتنەوە دەست ویزیگێتەکان و هۆزەکانی بەربەر. رۆمییەکانی رۆژهەڵات توانییان باشور و بەشێکی بچوکی ناوەندی ئیتالیا بپارێزن و ئاکامی سەرکەیی شەڕی درێژخایەن لە نێوان ئوستروگێتەکان و ئیمپراتۆریی لە ئیتالیادا، ئەو ولاتەی وێرانکرد و کێشایە ناو ئەو زوڵم و ستەمکارییەی کە پێشتر ولاتی فرانکی تێدا نوقم ببوو. تەنیا ئەفریقا بۆ ماوەیەکی پترلە هەرێمەکانی تر لەژێر فەرمانی ئیمپراتۆرییدا مایەوە. (ژۆستی نیێن) لە زەمینەی سیاسەتی ناوخۆییدا کەسایەتییەکی وردبین بوو. بەقوڵیی دەستی بەچاکسازیی لە ئیمپراتۆرییدا کرد و بواری بۆ ئیمپراتۆریی رەخساند کە پتر درێژە بەژیان بدات. هەروەها هەوڵی گەڵاڵەکردنی داب و نەریتی کۆن و پەروەردەکردن و گەشەپێدانیدا کە بنەمای دادوەریی رۆمی پێک دەهێنا و بەگوێرەی ئەوە دەستورێکی یاسایی نوسی کە بۆ ماوەی چەندان سەدە وەک رێنمای دادوەریی لە ولاتانی ئەوروپاییدا کەڵکی لێ وەرگیرا.

ژۆستی نیێن، کۆنستانتینۆپلی نوێکردەوە کە لە ماوەی راپەڕینەکانی یەکەم ساڵی حکوم کردنییدا زیانی پێگەیشتبوو و بڕیاری دروستکردنی کەنیسەی (سانت سوفی)دا کە لە ساڵی ٥٣٧دا گومبەزی پەنجەرەداری بۆ دروست کرا. بەهۆی ئەم پەنجەرانەوە، تیشکی خۆر بەجۆرێک لە ناو ژوری کەنیسەکەدا دەسورێ، کە دەڵێی گومبەزی کەنیسە لە هەوادا خەریکی مەلە کردنە. پێشبینیی ئەم مەسەلەیە بەدوای مەرگی ژۆستیدا کێشەیەکی زۆر بۆ جێنشینەکەی دروست کرد و سەرلەنوێ ئاژاوەی خستەوە ناو ولات. ئێران ئەم هەلەی بۆ پەلاماردانێکی کتوپڕ قۆستەوە. ژمارەی دانیشتووانی ئێران ئەو کاتە شەش میلیۆن کەس و ئیمپراتۆریی رۆژهەڵات چواردە میلیۆن کەس بوو، بەڵام ئێران یەکگرتووتر بوو. لە ساڵی ٦٠٦وە ئێران بەرە بەرە ناوچەکانی لە دەست ئیمپراتۆریی رۆم دەرهێنا. لە ساڵی ٦١٩دا ئێران ئاسیای بچوک و میسری لە دەستدا بوو و بەو هەلومەرجەی دەیتوانی وەک یانزدە سەدەی رابوردوو، دەسەڵاتی کۆنی



سەردەمی داریوش لە ئێران زیندوو بکاتەوە و گومان لەوەدا نەبوو کە مەرگی ئیمپراتۆریی رۆژهەڵاتی مۆر دەکرد. ویزیگێتەکان سەرلەنوێ کەنارەکانی ئیسپانیایان خستەوە دەست خۆیان و ئاوارەکان لەژێر دیوارەکانی کۆنستانتینۆپل بنکە و بارەگاکانی خۆیان دامەزراندبووەوە.

ساڵی ٦١٠ تاج و تەختی ئیمپراتۆریی بە(هیراکلیۆس) گەیشت و هەوڵی بۆ پێکهێنانی یەکێتیی لە نێوان بیزانینەکاندا (بیزانس) بێ ئاکام مایەوە. لە کاتێکدا ئێران لە سەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنێکی تر هەنگاوی دەنا، هیراکلیۆس خەریکی رێکخستنەوە و بەرزکردنەوەی ورەی ئەندامانی سوپاکەی بوو. لە ساڵی ٦٢٢دا بەیارمەتی هێزی دەریایی رۆم ویستی ئاسیای بچوک دەور بدات و هێزەکانی لە دواخاڵەکانی رۆژهەڵاتی دەریای رەش دابەزێنێ و بەچەشنی ئەسکەندەری مەزن، لەوێوە بەشێوەی راستەوخۆ زەبری خۆی لە دڵی ئێران بوەشێنێ. هیراکلیۆس بەسێ هێرش ئێرانی شکاند و لە ساڵی ٦٣٠دا سەرلەنوێ ولاتە لە دەستچووەکانی داگیرکردەوە، بەڵام ئەم شەڕانە بیست و پێنج ساڵیان خایاند و هەردوو ولاتی توشی چارەڕەشی و وێرانیی کرد. لە ساڵی ٦٣٤دا لەشکرێک لە عەرەبستان، ناوچەیەک کە تا ئەوکاتە نەناسراو بوو، بەرەو باکور چوو و هاوکات پەلاماری ئێران و ئیمپراتۆریی رۆمیدا و هەردوو ولاتی داگیر کرد کە بەشێوەیەکی سەرسامهێنەر لاواز ببوون. ئیمپراتۆریی رۆژهەڵات ساڵی ٦٣٦ سوریا، ساڵی ٦٣٧ ژودە، ساڵی ٦٤٠ میسر و سەرئەنجام لە ساڵی ٦٩٨دا قەرتاجی (کارتاژ) بۆ هەمیشە لە دەستهاتەدەر. لەو کاتەدا ولاتانی بندەستی کۆنستانتینۆپل بۆ مێژوونوسان بەئیمپراتۆریی رۆمیی رۆژهەڵات نەدەژمێرران و لە جیاتی، ناوی ئیمپراتۆریی بیزانتین یان ئیمپراتۆریی یۆنانیان لێنرا. ولاتانی بندەستی کۆنستانتینۆپل تایبەت بوو بەئاسیای بچوک و نیوەدوورگەی باڵکان، کە دانیشتوانیان بەزمانی یۆنانیی قسەیان دەکرد، بەڵام پاشاکانیان تا دواییش خۆیان بەئیمپراتۆری




دەوڵەتە گرنگەکانی ساڵی 1000 ز لە ئەورووپا و دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست

ڕۆم و حاكمی ڕۆم دەزانی.

عەرەبەكان ساڵی **٦٧٣** هێرشیان كردە سەر كۆنستانتینۆپل و بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەوڵی جێگیربوونی خۆیاندا. هێزەكانی دەریایی بیزانتین توانییان بەیارمەتی وەرگرتن لە دۆزراوەیەكی نوێ بەناوی ئاگر (بە زمانی یۆنانی گرەگوا) نەهێڵن عەرەبەكان جێگیر بن. ئەم ئاگرە بریتی بوو لە قیرِ و شورە و هێندێك تێكەڵاوی تر، كە بەلەیەكتر كەوتن ئاگریان لێ دەبووەوە و قیرەكە دەسوتا. ئەم چەكە نوێیە بۆ كەشتییە لە دار دروستكراوەكانی ئەوكاتە مەرگهێنەر بوو. دیمەنی دەریا لە ئاگر و ترسی بەدیهاتوو بەتەواویی عەرەبەكانی دور دەخستەوە. عەرەبەكان جارێكی‌تریش لە ساڵی **٧١٧**دا هەوڵی گرتنی كۆنستانتینۆپلیان دا، بەڵام ئەم جارەش لە لایەن ئیمپراتۆری بەهێزی (لیۆن)ی سێیەمەوە و بەیارمەتی وەرگرتن لە ئاگری گرەگوا پاشەكشەیان پێ كرا. ئەگەر عەرەبەكان كۆنستانتینۆپلیان بخستایەتە دەست خۆیان، ئیتر هیچ هێزێك نەیدەتوانی بەر بەپێشڕەوییان بەرەو ڕۆژئاوا بگرێت. ئەوان دەیانتوانی هەڕەشە لە سنوورەكانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی فرانك بكەن و هۆزەكانی تری عەرەبیی سەر بەوان لە ئیسپانیا دەرەتانی ئەوەیان بۆ دەڕەخسا هاوكات بەشی باشوری فرانك پەلامار بدەن و هەموو ئەوروپا بخەنە دەست عەرەبەكانەوەو ئەو كاتە مێژوو ڕەوتێكی جیاوازی لەگەڵ ئەمەی كە ئەمڕۆ هەیە، دەگرتە بەر. كۆنستانتینۆپل لەسەر پێ مایەوە، بەڵام هەڕەشەی نوێ، واتە هێرشی بولگارەكان بۆ سەر هۆزەكانی باڵكان باڵی بەسەردا كێشابوو. بیزانتەكان ناچاربوون لە بەرامبەریاندا ڕاوەستن و نەهێڵن عەرەبەكان لە سنوورەكانی ڕۆژهەڵات و باشوریەوە بێنە پێشەوە.

بۆ ماوەی دوو سەدە ئیمپراتۆریی بیزانس بەدژی بولگاریا كە سلاڤییەكانیشیان لەگەڵ بوو لە ناوچەكانی باڵكاندا شەڕی كرد. لەو سەردەمە بەدواوە هەموو وڵاتانی باڵكان كە لە باشوری یۆنانی ئەمڕۆن، جیا لە ڕۆمانیا كە وەك ڕابوردوو بەزمانی تێكەڵاوی لاتین قسەیان دەكرد، بەزمانی سلاڤی دەدوێن. بولگارەكان هەرچەندە لە پاشماوەی نەتەوەكانی ئاسیایین، بەڵام تێكەڵاوی سلاڤییەكان بوون و زاراوەیەكیان لە زمانی سلاڤی بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. ساڵی **٩٦٣** تەختی سەڵتەنەت بە(بازیل)ی دووەم (**٩٨٥-١٠٢٥**) بوو. لەبەر ئەوەی ناوبراو هێشتا مناڵ بوو و نەیدەتوانی حوكم بەڕێوە بەرێت، دوو فەرماندەی لێهاتووی بەناوی (نیسە فورفوكاس) و (ژان تزیمسكیس) لەبەر دەستدا بوو.

ئەم دوو فەرماندەیە، سەرلەنوێ قوبروسیان داگیركرد و ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچوكیان تا باكوری سوریا خستەوە دەست ئیمپراتۆریی. كاتێك كە بازیلی دووەم بەڕادەی پێویست گەورە بوو كە بتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەست، توانای خۆی لە زەمینەی شەڕدا پێشان دا و پێنج ساڵ شەڕی كرد. زۆر بەتوندیی بولگاریای شكاند و تەواوی نیوەدوورگەی باڵكانی خستەوە ژێردەستی بیزانس.

**بیزانس لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا**: لە دەوروبەری هەزارەی زایینییدا، ئیمپراتۆریی بیزانس لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا بوو، هەرچەندە بە بەشێكی بچوك لە ئیمپراتۆریی ڕابوردوو دەژمێررا، بەڵام بێگومان گەورەترین هێزی ئەو سەردەمەی ئەوروپا بوو. ژمارەی دانیشتووانی نزیكەی یانزدە میلیۆن كەس بوو و لە



زۆر لایەنەوە تەنانەت لە بواری هێزی چەكدارییشەوە لە یەك یەكی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەهێزتر بوو.

كۆنستانتینۆپل بەنزیكەی یەك میلیۆن دانیشتووانەوە مەزنترین و دەوڵەمەندترین شاری ئەوروپا و تەنانەت هەموو جیهان بوو و لە بەرامبەر دابەزین و لاوازیی فەرهەنگیی ئەوروپادا، لە میراتگر و خاوەنی زانستیی یۆنان دەچوو. ئەم شارە، زانكۆی گەورە و ژمارەیەكی زۆر زانای لێ دەژیا و هیچ شارێكی ڕۆژئاوایی نەیدەتوانی لەگەڵ جوانیی سروشتی شارستانییەتی ئەو بەرامبەریی بكات.

**گشەسەندنی دەسەڵاتی مەسیحییەت**: بەسەرۆكایەتی ئەوگوست ئیمپراتۆری ڕۆم، جولەكەكانی ژودە چاوەڕوانی لە دایكبوونی عیسا بوون و بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەكی زۆر ڕیزیان گرتبوو. یەكێك لەوانە عیسا نازارت بوو، كە پسپۆڕان لە ئینجیلدا ئاماژەیان بۆ ژیانی كردووە. جولەكەكان چاوەڕوانی ڕێبەرێكی سیاسی و ئایینیی بوون كە لەژێر ستەمی دەسەڵاتدارانی ڕۆم ڕزگاریان بكات، لەبەرئەوە، بوونی خزمایەتی لەگەڵ داود بۆ ناسینی مەسیحیی واقیعی گرنگ بوو، چونكە ئەو مەسیحە دەبووایە سوڵتانێكی بەهێز و دامەزرێنەری ئیمپراتۆریی بێت. لەم چوارچێوەیەدا، ڕۆمییەكان و بەشێك لە سەرۆكەكانی جولەكە لەو سەردەمەدا بەڵێن و ئومێدی مەسیحییەكانیان بەهەڕەشە بۆ سەرخۆیان دەزانی. بەنوسینی ئینجیل نفوزی عیسا(س) بەپەلە گەشەی كرد و لایەنگرێكی هێجگار زۆری لە دەوری خۆی كۆكردەوە. كاتێك لەگەڵ لایەنگرانی بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی جەژنی پاك گەیشتە ئۆرشەلیم، هەموو لەو باوەڕەدا بوون كە دەیەوێ دژی ڕۆمییەكان شۆڕشێكی نوێ بەرپا بكات. لەبەرئەوە عیسایان دەستگیر كرد و دوای دادگاییكردنی بەتاوانی ئاژاوەگێڕیی بڕیاری لە سێدارە دانیان دا، كە لەو كاتەدا شێوە كوشتنێكی باو و ئاسایی بوو. ئەم جۆرە كوشتنە شەرمهێنەرە، وەك مەرگی ژمارەیەكی زۆری دیكەش كە خۆیان بەمەسیح ناساندبوو، دەیتوانی كۆتایی بەڕۆڵی مێژوویی عیسا بێنێت، بەڵام كەسایەتییەكی ناسراو بەناوی (شائول دووتارس) كە ساڵی **٦٥**ی ز كۆچی دوایی كرد، چووە سەر ئایینی مەسیح و چوارچێوەیەكی نوێی بەفەلسەفەی عیسا بەخشی. ئەركی شائول لە سەرەتادا بریتی بوو لە ئازار و شكەنجەدانی مەسیحییەكانی كۆن بەفەرمانی دەسەڵاتدارانی جولەكە، بەڵام لە سەفەرێكیدا بۆ دیمەشق و دیداری لەگەڵ پیاوێكی ئایینیی هاتە سەر ئایینی مەسیح. شائول بۆ ئەوەی كە پێشان بدات پەیوەندیی بەڕابوردووەوە نەماوە، ناوی خۆی كردە (پۆل) و یارمەتی قوتابییەكانی عیسای دا كە وەك لایەنێك لە لایەنەكانی تری جولەكە نەمێننەوە. پۆل لە ئایینە وشكەكانی باو لە ناو جولەكەكاندا وەك سنووردانان بۆ خواردن و خەتەنەكردن خۆی پاراست و بەتێكەڵ بوونی (ژانتی)یەكان بەئایینی مەسیحییەت، كە جولەكەكان ئەوانیان بەبێ دین دەناسی، ئایینی مەسیحییەت لە قاو درا.

**لەناوبردنی شۆڕشی جولەكەكان دژی ڕۆم و ڕوخانی پەرستگا**: بەشێك لە جولەكەكانیش هاتنە سەر ئایینی نوێ، بەڵام ژمارەیان كەم بوو. زۆربەی هاونیشتمانانیان وەك هەمیشە هیوایان بەدۆزینەوەی مەسیحێكی

سیاسی و سەربازیی بوو کە خۆی تەسلیمی خاچ نەکات. ساڵی ٦٦ز جولەکەکان لە کاتێکدا لە چاوەڕوانییان بەتەنگ هاتبوون وەک پاڵەوان بەرەنگاری ڕۆم بوون و ڕۆم بەهەموو توانایەوە یەک ساڵی تەواو هەوڵیدا کە دەنگیان کپ بکاتەوە، بەڵام لە ساڵی ٧٠ زدا، ئۆرشەلیم شکا و ئەم جارە پەرستگاکەی لەگەڵ زەوی تەخت کرا.

**بڵاوبوونەوەی جولەکەکان:** دوا ناوەندی شۆڕش لە ساڵی ٧٣دا لەناو چوو، بەڵام یەهودییەکان چۆکیاندانەدا و ساڵی ١٣٢ سەرلەنوێ دەستیان بۆ چەک بردەوە. ئەم شۆڕشەی دووەم لە ساڵی ١٣٥دا بەدەرکردنی جولەکەکان لە ژودە کۆتایی پێ هات و لەوکاتەوە تا نزیکەی سەردەمی نوێ، نەتەوەی جولەکە لە کۆمەڵی بچوک و بڵاودا، لە نێوان نەتەوەکانی تردا دەژیا. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە بە(دیاسپورا) (بە زمانی یۆنانی بەواتەی بڵاوبوونەوە) دەناسرێت و سەیرتر ئەوەیە کە جولەکەکان لە هەلومەرجێکی ئاوادا توانیان پارێزگاریی لە ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینیی خۆیان بکەن. ئەو جولەکانەی کە چووبوونە سەر ئایینی مەسیح و لە ماوەی شۆڕشدا بێلایەن مابوونەوە، کەوتنەبەر ڕق و توڕەیی برا هاوڕەگەزەکانیان و بەرەبەرە لەناوچوون. مەسیحییەت بەگشتیی لە ژانتییەکان پێک هاتبوو و بەتایبەتیی لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکانی سەر بەیۆنان دا پەرەی سەند و لە ڕۆژهەڵاتیشدا ڕیشەی داکوتا، چونکە لایەنگرانی بەشدارییان نەدەکرد لە ڕێوڕەسمی ئایینیی و نەتەوەیی خۆیاندا، لە هەر جێیەک ڕێوڕەسمی خۆی بەجێ دەهێنا، دەکەوتە بەر ئازار و شکەنجە.

لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا، مەسیحییەت بەسەر لایەنی جیاوازدا دابەشببوو و لایەنەکان لەسەر بیروبۆچوونی جۆراوجۆر ناکۆکییان پێکەوە هەبوو و کێشە و پێکدادانی توندوتیژ لە نێوانیاندا ڕووی دەدا. سەرەڕای ئازار و بەربەرەکانی ناوخۆیی، مەسیحییەت بەپەلە گەشەی کرد و لە سەردەمی کۆنستانتیندا، ئایینێکی یەکگرتوو و بەهێز و ئاشکرا بوو و دە لە سەدی دانیشتووانی ڕۆمی پێک دەهێنا.

کۆنستانتین بیری لەوە دەکردەوە کە بەپشتگیریی مەسیحییەکان بتوانێت بەسەر ئەو کەسانەدا زاڵ بێت کە دەیانویست کورسی ئیمپراتۆریی بگرنەدەست. لە ساڵی ٣١٣دا کۆنستانتین ئازادیی ئایینیی ڕاگەیاند و بۆ خۆی چووە سەر ئایینی مەسیح و بەپێچەوانەی سیاسەتی (نرون) کە کۆمەڵێکی لە ژمارەنەهاتووی مەسیحیی لە (کلیزە) کوشت، مەسیحییەتی کردە ئایینی ڕەسمیی ئیمپراتۆریی. مەسیحییەکان تا ئەو کاتەی کە لە کەمایەتیدا بوون شێلگیرانە بۆ ئایینی خۆیان هەوڵیان دەدا، بەڵام هەر کە ئایینەکەیان بەڕەسمیی ناسرا، شێوەی خۆیان گۆڕی. لەو نێوەدا، جیاوازیی لەنێوان لایەنەکانی مەسیحیدا بۆ بەدەستخستنی دەسەڵات بەشێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەبوو و مەسیحییەکان لە یەکتر جیادەبوونەوە. لە سەرەتای ئیمپراتۆرییەتی مەسیحییدا، گروپی (ئارین)ەکان بەهێزتر لەوانی تر بوون و ڕێبەرانی ئەم گروپە، هۆزەکانی جەرمانیان کردە مەسیحی و کاتێک جەرمانەکان لە ڕۆژئاوادا وڵاتیان دامەزراند، دەرەبەگایەتی ئاری جەماوەری سەربە ئایینی مەسیحییان خستە دەست خۆیان، بەڵام ئارياييزم سەرئەنجام



لەناوچوو. هەروەک پێشبینیی دەکرا بەربەرەکانیی دژوار لە دڵی کەنیسە گرنگەکانی دوو شاری گەورەی ڕۆمی کۆن و کۆنستانتینۆپلی نوێدا پەرەی سەند. هەر یەکێک لە (کاردینال)ی ڕۆم و قەشەی کۆنستانتینۆپل دەیانویست ڕێبەرایەتی کەنیسەی ناوەندیی بگرنەدەست. لەوە دەچوو کە قەشەی شارێکی مەزن و گەشەکردوو، بتوانێت بەسەر کاردینالی شاری ڕۆمدا سەرکەوێت، کە بەرەو نەمان هەنگاوی دەنا، بەڵام کێشەی توند لە نێوان لایەنەکانی مەسیحیی و ناوچە پان و بەرینەکانی میسر و سوریادا بەڕادەیەک قوڵ بوو کە لەسەر فەلسەفەی مەسیحییەت گرفتی بۆ کۆنستانتینۆپل دروست کرد و گومانی قبووڵکردنی قەشەی لە لایەن ئەم دوو وڵاتانەوە دژوار کردبوو. لە لایەکی ترەوە ژمارەیەک لە ئیمپراتۆرە کۆنەکانی کۆنستانتینۆپل هەوڵیان دەدا، کە قەشە لاواز بکەن‌و ویستی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن. سەرئەنجام ئیسلام سوریا، میسر و ئەفریقای باکوریی لە کۆنستانتینۆپل جیاکردەوە.

**گرە گوا یەکەم دامەزرێنەری کەنیسەی کاتولیکی نوێ:** کاردینالی ڕۆمی ڕۆژئاوا، لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا هاوتای نەبوو. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەوروپای ڕۆژئاوا ئیمپراتۆری نەبوو یا ئیمپراتۆرەکەی لاواز بوو یا لە گەشت کردنداببوو. کاردینالی ڕۆم کە دوایی (پاپا)یان پێ دەگوترا، پتر هێز و دەسەڵاتی پەیداکرد. بەم جۆرە (لیۆن)ی یەکەم (٤٠٠-٤٦١) لە کاتێکدا هیچ هێزێکی نا ئایینیی نەیدەتوانی لە بەرامبەر ئاتیلای (هون)دا خۆی ڕاگرێ، شکاندی. کردەوەی ئازایانەی لیۆن بەشێوەیەکی بەرچاو ئابڕووی بەکەنیسەی کاتۆلیک بەخشی. کەنیسەی کاتۆلیک بەهۆی گرەگوای یەکەم (٥٤٠-٦٠٤)، کە لە ساڵی ٥٩٠دا بەپاپا ڕاگەینرا، مانەوەی هەمیشەیی خۆی سەلماند و لە بەرامبەر پسپۆڕە نوێیەکاندا کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون خۆی ڕاگرت. لە ڕەوتی ئەودا دەسەڵاتی کەنیسەی کاتۆلیک بەچەشنی ڕێکخراوە غەیرە ئاینییەکان لە بەرزیی و نزمییدا بوو. کەنیسەی کاتۆلیک بەدوای نۆسەدەکاندا توشی لاوازیی ببوو، بەڵام کاتێک (ئوتۆن)ی یەکەم بنەمای ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆمی داڕشت، سەرلەنوێ خۆی گرتەوە. مەسیحییەت کە لە ئاسیا و ئەفریقادا خاشەبڕ ببوو، بەرەو باکور گەشەی سەند. بەم جۆرەی کە ڕۆم لە سەرەتای دامەزراندنیەوە دەوڵەتێکی پاوانخواز بوو، مەسیحییەتیش لەسەرەتای لە دایکبوونییەوە ڕێگای لایەنگرییگرتنی گرتەبەر. بەڕێنوێنی وەرگرتن لە ئینجیل کە تێیدا یارمەتیدەرانی عیسا ڕایاندەگەیاند هەڵگری (هەواڵی خۆشن) بۆ هەموو نەتەوەکان، پاپاکان و قەشەکانیش خوازیاری کۆکردنەوەی دانیشتووان لە ئایینی مەسیحدا بوون. پاپاکان ویستیان دانیشتووانی دوورگەی برتانی و جەرمان بەشێوازی ڕۆژئاوا بکەنە مەسیحیی و قەشەکانیش بەشێوەیەکی بەرینتر هەوڵیان دەدا نەتەوەکانی باڵکان لە شێوازی ڕۆژهەڵات کەڵکوەرگرن.

هێندێک بەرلە ساڵی ٩٠٠ کۆنستانتینۆپل هۆزەکانی ڕوسیای هێنایە سەر ئایینی مەسیح. ئەم ڕووداوە، بەهۆی گرنگیی ڕۆڵی ڕوسیا لە مێژووی داهاتووی جیهاندا جێگەی سەرنج بوو. بەنزیکبوونەوەی ساڵی ١٠٠٠، مەسیحییەت کە سەرەتا لە ژودە ڕیشەی داکوتابوو و بەپەلە تەشەنەی کردبووە سوریا و میسر، بەهەمیشەیی ئەو وڵاتەی لە دەستدا و بوو بەدیاردەیەکی تایبەت بەئەوروپا.

مەسیحییەت بەدوو شێواز بەڕێوە دەچوو. شێوازی ڕۆژئاوایی کە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپای وەک ئیمپراتۆریی پیرۆز، فەرانسە و ئینگلیستانی دەگرتەوە و شێوازی یۆنانیی تایبەت بوو بەلایەنی (ئەرتۆدۆکس) لە ئاسیای بچوک و باڵکاندا، کە بەرەبەرە لە کەنارەکانی باکوری دەریای ڕەشدا بڵابووەوە، بەڵام لە چوارچێوەی جیهاندا مەسیحییەت لە کەمایەتیدا بوو و ئیسلام زۆر لەو بەهێزتر و پێداگرتر بوو. ئایینی تریش وەک هیندویزم و بودیزم لە ڕۆژهەڵاتدا هەبوون کە زۆر پتر لە مەسیحییەت لایەنگرییان لێ دەکرا. لە لاپەڕەکانی پێشوودا بینیمان کە ئەم هەزارەیە، یەکەم هەزارە بوو، کە بەشێوەیەکی دروست و واقیعی ئاماژەی بۆ کراوە: لە ڕاستییدا ئەم هەزارەیە بۆ مەسیحییەکان گرنگایەتی تایبەتیی هەبوو، چونکە ڕۆڵی مێژوویی هەزارەمین ساڵی لە دایکبوونی عیسای لەسەر دانرابوو. لە سەردەمی کتێبی پیرۆزدا، ژمارەی هەزار ناسێنەری بەرزترین ژمارە بوو و مرۆڤ نەیدەزانی پتر لە هەزار حساب بکات. هەرکاتێک نوسەرانی کتێبی پیرۆز ویستویانە پەنجە بۆ ژمارەیەکی زۆری مرۆڤ و شتی‌تر ڕابکێشن، لە ژمارەی هەزار کەڵکیان وەرگرتووە. لەبەر ئەوەیە، کە لە کتێبی دۆزراوەکاندا، فەسڵی بیستەم، ئایەتەکانی یەکەم تا سێیەم، ڕاگەیەنەری پێشبینییەکی موچوڕک پێداهێنەرە. ئەم کتێبە ئاماژە بۆ بەزنجیرکێشانی شەیتان بۆ ماوەی هەزار ساڵ (واتە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ) و ئازادبوونی دەکات و دەڵێت لەو کاتەدا دوا بەربەرەکانیی سەرهەڵدەدات و چاکە بۆ هەمیشە بەسەر خراپەدا سەردەکەوێت و جیهان لەناودەچێت و ئاسمانی نوێ و زەوی تازە و هەمیشەیی جێی دەگرێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، تەواوی لێکۆڵەرانی ئینجیل کە لە وشە بەوشەیان تۆێژیوەتەوە، ساڵی هەزاریان بەکۆتایی هاتنی دنیا زانیوە. لە لایەکی‌ترەوە، نزیکبوونەوە لە کۆتایی یەکەم هەزارەی لەدایکبوونی عیسا و ئاگاداربوون لێی دەیتوانی بەڕادەیەکی زۆر هەست بزوێن بێت. دواتر بەنزیکبوونەوە لە دووەم هەزارەی زایینیی، بیروبۆچوونێکی‌تر سەری هەڵدا کە بریتی بوو لە دابەزینی ورەی گشتیی خەڵک و لەقاودانیان بۆ ئەوەی کە هەموو ماڵ و سامانی خۆیان دابەش بکەن لە نێوان خەڵکی هەژار و بێبەشدا و بچن بۆ سەردانی ئۆرشەلیم، چونکە کەنیسە و ماڵەکان وێران دەبن و هەوڵدان بۆ دروستکردنەوەیان ئەنجامی نابێت. دوای ئەوە مێژوونوسانی وەک (هیلل شوارز) نوسییان، ئەگەر ترس لە داهاتوو هەبێت، ئەو ترسە لە گومانە مەزنکراوەکانەوە بەدیهاتووە و ئێمە بەتەواویی دەزانیین کە بەتێپەڕبوونی ساڵی **٩٩٩**، جیهان کۆتایی پێ نەهات و ئەوەی کۆتایی پێ هات سەردەمی کۆیلەیەتی بوو، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، لە دورەوە سەردەمی ڕێنسانس (بوژانەوە) دەرکەوت و زەوی وەک هەمیشە بەئارامیی درێژەی بەگەڕانی خۆیدا و مرۆڤایەتی بەچەشنی ڕابوردوو گەشەی کرد، بە جۆرێک کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. پێشبینیی سەرلێشێوێنەری کتێبی دۆزراوەکان، گروپێکی‌تری لە باوەڕپێهێنەرانی بەرەو بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن و دیارییکردنی مێژووی سەرلەنوێی کۆتاییهاتنی جیهان پاڵپێوەنا. لەناو ئێمەدا کەسانێک هەن کە لایەنگریی لە بۆچوونی سەردەمی هەزارەکان دەکەن، بەڵام پێشبینییان دەربارەی کارەساتێکی سروشتیی هێشتا پێویستیی بەسەلماندنی دروست هەیە. بێگومان بەشێک لە دڵەکوتەی ئەمانەی ئەم سەردەمە لە نزیکبوونەوەی ساڵی دوو هەزار، لەبەر ئەو مەترسییەیە کە بەشێوەیەکی ناڕاست لێکیان داوەتەوە کە گوایە ساڵی ٢٠٠٠ بەواتەی کۆتاییهاتنی دنیایە.



**ئیسلام خۆی جێگیر دەکات:** لە ڕەوتی ئەم هەزارەیەدا دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە لە ئاسیای ڕۆژئاوادا ڕووداوەکان شێوازی کۆن و سوننەتیی بەخۆیانەوە دەگرن کە بریتییە لە جێگۆڕکێ لە نێوان سعودیە و لەناوچوونی ئیمپراتۆرییەکاندا. پێشتر زانیمان کە ئیمپراتۆریی پارت لە ساڵی **٢٣٦**دا جێگەی ئیمپراتۆریی ئێرانی گرتەوە و سەرکەوت. بەسەرۆکایەتی خەسرەوی یەکەم، ئابوری نەتەوەیی سەرلەنوێ ڕێکخرایەوە و ئایینی زەردەشت سەروسامانی پەیدا کرد و هونەر و ئەدەبیات پێیان نایە سەردەمی زێڕینەوە و ئەو ئیمپراتۆرە خاوەن دەسەڵاتە نوێیە بەرلە شکانی لە لایەن هێراکلیۆسەوە خەریکبوو ئیمپراتۆریی ڕۆمی ڕۆژهەڵات لەناو بەرێت.

**لە دایکبوونی محەمەد** (د.خ)، **دامەزرێنەری ئایینی ئیسلام:** بەڵام بەزوویی هێزێکی‌تر بەگرنگایەتی جیاواز سەری بەرزکردەوە. ئایینی نوێ کە تا ئەمڕۆش دەسەڵاتی جێگەی سەرنجە. بەهەمان شێوە کە ژودە مەسیحییەت پسپۆری نوێی پەروەردە کرد، عەرەبەکانیش پێکهێنەری ئیسلام بوون.

محەمەد (د.خ) پەیامهێنەری ئیسلام (٥٧٠-٦٣٢) بەپشتبەستن بەمەعنەویەت و ئیلهام وەرگرتن لە خۆی، پایەی ئیسلامی بەواتەی ( گوێڕایەڵیی) داڕشت. ئیسلام بەواتەی فەرمانبەرداریی کە بریتییە لە تەسلیم بوون لە بەرامبەر ویستی خودادا، لایەنگرانی بەموسڵمان (گوێڕایەڵ) دەناسرێن. کاتێ محەمەد لە ساڵی **٦٣٢**دا کۆچی دواییکرد هەموو دانیشتووانی عەرەبستان هاتبوونە سەر ئایینی ئیسلام. بەدوای ئەوەدا ئیسلام بەرەو باکورو ڕۆژئاواو دوا خاڵەکانی سنووری عەرەبستان گەشەی کرد. لە ڕەوتی زنجیرەیەک سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەردا، لە نێوان ساڵانی **٦٣٥-٦٤٢**، موسوڵمانەکان بەتوندی ئیمپراتۆریی ئێران و ڕۆمی ڕۆژهەڵاتیان شکاند و لە ساڵی **٦٩٨**دا قەرتاجیان داگیر کرد و ساڵی **٧٥٠** لە ئەفریقای باکور تێپەڕین و خۆیان گەیاندە دەریا لوشی ئەتلەسی. دوایی بەچیای تاریقدا خۆیان گەیاندە ئیسپانیا و دەستیان بەسەردا گرت. هەروەک پێشتر بینیمان، پاوانخوازیی موسوڵمانەکان دوو زەبری وەستێنەری لێ دان. یەکەمیان لە بەرامبەر کۆنستانتینۆپل لە ساڵی **٧١٨**دا و ئەویتریان لە شەڕی پواتیە لە ساڵی **٧٣٢**دا بوو.

هێشتا سەدەیەک لە کۆچی دوایی محەمەد تێنەپەڕیبوو کە ئیسلام تەواوی ناوچەکانی نێوان ڕووباری سەند و دەریا لوشی ئەتلەسی خستەبووە دەست خۆی. ڕووبەری خاکی ئەو وڵاتانە تەنانەت بەرینتر بوو لە ڕوبەری خاکی ئیمپراتۆریی ڕۆم لە سەردەمی گەشەسەندییدا، بەڵام ئەو ناوچانە بەهۆی هەوای گەرم و کەمیی ئاو و لەوەڕگەوە، ژمارەی دانیشتووانی کەمتر بوو. ئیسلام بەچەشنی مەسیحییەت دابەشببوو بەسەر چەند لایەنێکدا و شەڕ لە نێوان لایەنەکانی ئیسلامی‌دا بەتوندیی بەردەوام بوو. لەبەر ئەوە، بزووتنەوەی ئیسلامیی بەشێکی گەورەی هێزی خۆی لە دەستدا. یەکەم ڕێبەرانی ئیسلام سەر بە(بەنی ئومەوییە) بوون کە دیمەشقیان بە پایتەختی خۆیان دیاریی کردبوو. لە ساڵی ٧٥٠ زدا، دەسەڵات کەوتە دەست ڕەقیبەکەیان واتە عەباسییەکان کە پایتەختەکەیان لە بەغدا لە ڕۆخی دیجلە دانابوو. لە سەردەمی حوکمی عەباسییەکاندا موسوڵمانەکان گەشەیان بەخۆیاندا و بەشێکی خاکی ئیمپراتۆریی بیزانسیان

داگیرکرد.

موسوڵمانەکان تەنانەت چەند جار هێرشیان کردە سەر کەنارەکانی ئیتالیا و لە ساڵی ٨٤٦دا ڕۆمیان تاڵان کرد. هارون ئەلڕەشید (٧٣٦-٨٠٩) لە ساڵی ٧٨٦دا ئیمپراتۆری عەباسیی بوو کە داستانی هەزار و یەک شەو لە کەسایەتی ئەوەوە وەرگیراوە. لە سەردەمی (مەئمون)ی (٧٤٦-٨٣٣) کوڕیدا، ئیمپراتۆریی عەباسیی بەوپەڕی گەشەی خۆی گەیشت، بەڵام زۆری نەخایاند کە لەرزۆک بوو. ساڵی ١٠٠٠، هەرچەندە عەباسییەکان تەواوی دەستکەوتەکانی پێشوویان پاراستبوو و بەڕواڵەت بەغدا ڕێبەر و بەڕێوەبەریی وڵاتەکانی بەدەست بوو، بەڵام ئیمپراتۆریی بەکردەوە دابەشببوو لە نێوان چەند بنەماڵەیەکدا و ئەندامانی ئەو بنەماڵانە بەهەمان ڕادە کە دژی وڵاتانی مەسیحیی هەوڵیاندەدا، لە نێوان خۆشیاندا دەستبەیەخە بوون. ئیسلام دەسەڵاتێکی بەرچاوی هەبوو، بەڵام هیچ مەترسییەکی بۆ ئەورووپا و مەسیحییەت نەمابوو.

**ڕۆژهەڵات لە نێوان دەرەبەگایەتی و یەکێتیدا:** هیندستان لە هەزارەی یەکەمدا دابەشکرابوو و هەرچەندە بەهۆی ڕێبەرانی بەهێز و خاوەن دەسەڵات لە قۆناخی جیاوازدا بەشێکی زۆری کۆکرابووەوە. (شاندراگوپتا)ی یەکەم کە لە ساڵی ٣٢٠دا واتە بەدروستیی لە کاتێکدا کە ئیمپراتۆریی ڕۆم ئایینی مەسیحییەتی قبوولکرد، بەسەڵتەنەت گەیشت و تەواوی هیندی باکوری خستە ژێردەست خۆی و ئیمپراتۆریی لە لایەن جێنشینەکانییەوە بەردەوام بوو، بەڵام دواتر (هارشا) (٦٠٦-٦٤٧) لە کاتێکدا ئیمپراتۆریی ڕۆمی ڕۆژهەڵات خەریکبوو پاشەکشەی بەئیسلام و ئێران دەکرد، دەوڵەتێکی بەهێزی لە هیندستان دامەزراند و پەیوەندیی بەوڵاتی چینەوە توند کرد، بەڵام تەمەنی ئەم یەکێتییە زۆر نەبوو. هەروەها موسوڵمانەکان دوای داگیرکردنی ئێران ڕوویان کردە باکوری هیندستان و مەحمودی غەزنەوی کە ساڵی ٩٩٧ لە ئێران دەسەڵاتی گرتەدەست، بەلایەنی کەمەوە حەڤدە جار هێرشی کردە سەر هیندستان. لە ساڵی هەزاردا، هیندستان زۆر بەتوندیی کەوتە بەرپەلاماری ئیسلام و لە ئاکامدا، قەڵشی تێکەوت و لە نێوان دوو نەتەوەی هیندیی و موسوڵماندا بەشکرا.

چین لە سەردەمی بنەماڵەی هان و هاوکات لەگەڵ سەردەمی سەرکەوتنەکانی ئیمپراتۆریی ڕۆمدا، خاوەن یەکێتیی بوو، بەڵام لە ساڵی ٢٢٠وە، بەچەشنی ڕۆم کەوتە بەر پەلاماری بەربەرەکانەوە. ئەو هێرشانە بۆ ماوەی چوارسەدە دەرەبەگایەتی و شەڕ و دوژمنایەتی لەنێوان هۆزەکانی چیندا بەدواوە بوو کە بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا حوکمیان دەکرد و هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەکردنی بودیزم لە هێندستان و چیندا. دوایی سەرلەنوێ لە ساڵی ٦١٨دا بەسەرۆکایەتی (تانگ) یەکی گرتەوە. ئیمپراتۆری چین، (تەزونگ) (٦٢٧-٦٤٩) لە بنەماڵەی تانگ لە کاتێکدا بەحوکم گەیشت کە ئیسلام لە سەرەتای گەشەسەندا بوو. ئیمپراتۆر کۆمەڵێک چاکسازیی بەئەنجام گەیاند و پێشوازیی لە یەکەم گروپی مەسیحی لە وڵاتەکەیدا کرد. (گروپی پێشوازیی لێکراو نەستۆریی بوون و لە ڕوانگەی ڕۆم و کۆنستانتینۆپلەوە بەمورتەد دەناسران.) تەزونگ یەکەم فەرمانڕەوای چین بوو کە پەیوەندیی لەگەڵ



هیندستان دامەزراند. لە سەردەمی ئەو و جێنشینەکانیدا، هونەر و ئەدەبیات گەشەیان کرد و چین دەستی بەتێکنیکی گەشەکراو گەیشت. فەرمانڕەوایی بنەماڵەی تانگ لە ساڵی ٩٠٧دا کۆتایی پێهات و چین بۆ ماوەیەکی کورت سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ سەردەمی دەرەبەگایەتی. باکوری چین کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هۆزەکانی مەنگۆلی (خەتنی) کە بەپەلە فەرهەنگی چینیان وەرگرت و بەشەکەی تری لە لایەن بنەماڵەی سۆنگەوە بەڕێوە دەچوو کە درێژەی بەگەشەپێدانی فەرهەنگ و تێکنیکی وڵاتدا.

**چین بەشەست میلیۆن لە ڕیزی یەکەمی پێشکەوتندا:** بەنزیکبوونەوەی ساڵی ١٠٠٠، چین بەسەرۆکایەتی (ختەن)ەکان و بنەماڵەی سۆنگ پتر لە شەست میلیۆن دانیشتووانی هەبوو و بێگومان لە بواری تێکنیک و فەرهەنگەوە پێشکەوتووترین وڵاتی جیهان بوو. هێندێک دورتر لە چین، ژاپۆن بەفەرهەنگی دوورگەییەوە بەشێوەیەکی تەواو جیاواز گەشەی کردبوو. ژاپۆن بەسەرۆکایەتی بنەماڵەی زۆر بەهێزی (فوجی وارا)، لاسایی چینی کردەوە. لە کاتێکدا ئێمە تەواوی سەرنجمان بەو هەرێمانەدا بوو کە شارستانییەتی گەورەیان تێدا پێک هات و لەناوچوون، بەشێکی تری جیهان واتە بەشی سەرووی ڕۆژئاوای ئەفریقا، وڵاتی (گانا) لە دەوروبەری ساڵی هەزاری زایینیدا بەپلەیەکی باڵای گەشەکردن گەیشت. گانا لە دەریا لوشی ئەتلەسییەوە لە ڕۆژئاوای ئەفریقا تا سنووری (تومبوکتۆ) درێژەی هەبوو و لە لایەن وڵاتی سەحرا (بەشێک لە مەراکیشی ئەمڕۆ)، ڕێبەرایەتی ئەفریقای باکوری دەکرد. لەو سەردەمەدا، چەند شارستانییەتی تر لە ئەمریکادا ناوەندی گەشەکردن بوون. ئەمە سەردەمی (مایاها)کان بوو، کە بەهۆی زانستی ئەستێرەناسیی و دروستکردنی شار و ئەهرام دەناسرا و دانیشتووانی لەبەر هۆیەکی نادیار ئەو ناوەندەیان چوڵکرد و ڕوویان کردە دارستانەکان و لەناوچوون. لە دەریا لوشیی ئارامی باشوور، دۆزەوەرە نەترسەکانی (یولی نزی) خۆیان گەیاندە دوورگەکانی ناوچە و تەنانەت دوورگەکانی (هاوایی) و (پاک). لە ساتەکانی نزیک بەکۆتایی هەزارەی یەکەمی زایینیی، شارستانییەت بەشی پان و بەرینی نیوەکەوانەی باکور و دەریا لوشیی ئارامی لە ڕۆژهەڵات تا دەریا لوشی ئەتلەسی لە ڕۆژئاوادا گرتبووەوە، کە بریتی بوون لە ژاپۆن، چین، هیند، جیهانی ئیسلام، ئیمپراتۆریی بیزانس و ئەورووپای ڕۆژئاوا و لە دەرەوەی ئەم سنوورەدا، دوو ناوەندیی شارستانییەتی جیاواز لە ئەفریقای گەرم و سوتێنەر و ئەمریکای ناوەڕاستیش هەبوون.

**دانیشتووانی زەوی دەگەنە دووسەد و شەست و پێنج میلیۆن کەس:** مرۆڤایەتی زیاتر بوونی خۆی لەسەر زەویدا چەسپاند و ژمارەی گەیشتە دووسەد و شەست و پێنج میلیۆن کەس. لەو ژمارەیە، شەست میلیۆن کەس لە چین و هەشتا میلیۆن کەسیش لە هیندستان نیشتەجێ بوون. ئەم دوو وڵاتە بەگشتی پتر لە نیوەی دانیشتووانی سەر زەوییان پێک دەهێنا و بەو دەرەتانەی کە بوویان، پلەیەکی باڵای شارستانییەتیان پێک هێنابوو. لەوەدەچێ، کە فەرهەنگی چین گەشەکردووتر لە فەرهەنگی جیهانی ئەو سەردەمە بووبێت، ئیمپراتۆریی بیزانس وەک هەمیشە میراتگریی شارستانییەتی یۆنانیی- ڕۆمیی بوو و جیهانی ئیسلام خەریکی گەشەپێدانی خۆی و وەرگێڕانی بەرهەمە کۆن و کلاسیکییەکانی یۆنان بوو بۆ

سەر زمانی عەرەبیی. لەبەرئەوە تەنیا ئەوروپای ڕۆژئاوا بوو کە لە سەدەکانی ناوەندییەوە بەرەو دواوە دەگەڕایەوە و لە دەوروبەری ساڵی ١٠٠٠ ز.دا، بەتەواویی لە دواوەی گرنگترین ناوەندی شارستانییەتی جیهاندا مابووەوە. هیچ کەس لەو کاتەدا نەیدەتوانی پێشبینیی بکات کە لە هەزارەی دواییدا نۆرەی ئەوروپای ڕۆژئاوا دێت کە پێشەنگیی خۆی بسەلمێنێت.

## ٦- کاتێک تێکنیک مێژوو ناچار بەپێشڕەویی دەکات

**بەرەو ساڵی ٢٠٠٠:** لە ساڵی ١٠٠٠ ز.دا پێشبینییکردنی ئەو ئاڵۆگۆڕانەی کە لە ماوەی دە سەدەی دواییدا، ژیانی مرۆڤیان سەروژێر دەکرد، زۆر دژوار بوو.

لە هەزارەی یەکەمی زایینییدا جیهان بەرلە هەموو شتێک تێکەڵاوی خەباتی سیاسی و ناکۆکیی ئایینیی بوو. دۆزینەوەکانی تێکنیکیی، تەنانەت ئەگەر چارەسەرییەکی هەست پێکراویان بۆ مرۆڤ بەدیاریی هێنا، بەڵام لە دەرەوەی ژیانی مرۆڤایەتییدا بوون. ئاگادارییەکانی مرۆڤ هێشتا بەشێوەی زانستیی شکڵیان نەگرتبوو و بەبێ زانست بوار بۆ گەشەکردنی تێکنۆلۆژیای گشتیی نەبوو، بەڵام لە دواسەدەی هەزارەی دووەمدا مرۆڤ دەستی بەگرنگترین نەدۆزراوەکان گەیشت: کارەبا، تێلێفۆن، ئۆتۆمبێل، فڕۆکە، کۆمپیوتەر، چەکی ئەتۆمیی، ڕادیۆ، تێلێڤیزیۆن، گەشت بۆ ئاسمان و ئەندازیاریی جینەتیک. گەشەکردنی تێکنیک بەچەشنی ڕابوردوو ڕێگای بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان کردەوە، بەجۆرێک کە زەوی ئەمڕۆ بەڕادەیەکی لێ دەژی کە تەنانەت تا ماوەیەک لەمەوبەر بۆ باوەڕپێکران نەدەبوو. بەشێک لەو پێشکەوتنانە لە هەزارەی ڕابوردوودا هەستیان پێ کرابوو، بەڵام ئەمە تەنیا لە چوارچێوەی هەست پێکردن و پێشبینیی کردندا بوو.

**هۆشیاریی ئەوروپای ڕۆژئاوا:** مێژووی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی گومان هەڵنەگر، لە هێرش دژی موسوڵمانان، کە فەلەستین (وڵاتی پیرۆز)یان بەدەستەوە بوو، دەسپێکراوە. لە سەرەتای هەزارەی دووەمی زایینییدا بوو کە تورکەکانی سەلجوقی فەلەستینیان داگیرکرد. سەلجوقییەکان کە کەمتر لە عەرەبەکان گەشەیان کردبوو، وشکەڕەوتر لەوان بوون و ئەو مەسیحییانەی کە لە سەردانی وڵاتی پیرۆز دەگەڕانەوە، گەلێک داستانی خەمهێنەریان لەو تورکانە دەگێڕایەوە. ئیمپراتۆریی بیزانس کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی تورکەکان بوو، لە هەموو لایەک داوای یارمەتی کرد.

لەو سەردەمەدا ژمارەی دانیشتووانی ئاڵمان و فەرانسە لە زیادبووندا بوو و دەسەڵاتداران بەبێ پسانەوە، لەسەر وڵاتە بەتەنیا ماوەکاندا کێشەیان هەبوو و ڕۆژهەڵات بەڕادەیەک دەوڵەمەند بوو کە تەماحی ئەو دوو وڵاتە بەرز بکاتەوە.



**دەستپێکردنی شەڕی خاچهەڵگرەکان: ئەوروپا لە پەیوەندیی لەگەڵ فەرهەنگ و ناسینی سەرلەنوێی دەستکەوتەکانی ڕابوردوویدا:**

شەڕەکانی خاچهەڵگران کە لە بنەڕەتدا بەهاندانی ڕێنوێنیکەرێکی گەڕۆک بەناوی پییرامیت سەریان هەڵدا، لە خاچێکەوە ئیلهامیان وەردەگرت کە شەڕکەرەکان بەبەرگەکانیانەوە دەیاندوری. ئەم شەڕانە کە ساڵی ١٠٩٦ دەستی پێ کرد، ئامانجیان ئازادکردنی وڵاتی پیرۆز بوو و بەهۆی ناکۆکیی لە نێوان موسوڵمانەکاندا، ڕۆژئاواییەکان توانییان کۆمەڵێک سەرکەوتنی چاوەڕوان نەکراو بەدەست بێنن و لە ساڵی ١٠٩٩دا ئۆرشەلیم داگیر بکەن. دوایی موسوڵمانەکان بەخۆ هاتنەوە و لە ڕەوتی دوو سەدەی دواییدا شەڕکەرە خاچهەڵگرەکانیان لە فەلەستین دەرکرد. (ئەکر) کە دوا بنکەی بەهێز و خۆڕاگریی ئەوروپاییەکان بوو لە وڵاتی پیرۆزدا لە ساڵی ١٢٩١دا لەناوچوو. لە بواری سەربازییەوە، شەڕی خاچ شکا و گرنگترین ئاکامی ستراتیژیی هەست پێکراوی، ڕوخانی بەپەلەی ئیمپراتۆریی مەسیحیی بیزانس و خۆڕاگریی و بەهێزمانەوەی موسوڵمانەکان بەهەمیشەیی بوو.

سەرەڕای ئەوە، شەڕی خاچ لە زەمینەی گەشەکردنی کۆمەڵگادا زۆر بەسود بوو، چونکە ئەوە یەکەم جار بوو کە دوای تێپەڕبوونی چەند سەدە، ئەوروپای ڕۆژئاوا خۆی لە بەرامبەر شارستانییەتی پێشکەوتووتردا دەبینی، کە مەبەست لە شارستانییەتی بیزانس و موسوڵمانەکانە. شەڕکەرە خاچهەڵگرەکان هێندێک لە خۆبەزلزانیی دابەزین و خۆیان لەگەڵ تێکنیکی نوێی جەنگیی ڕێکخست و کێشیان بەرەو کەلوپەلی جوانی وەک شەکر و ئاوریشم پەیدا کرد.

شەڕی خاچ بەتایبەتیی بایەخی پەروەردەکردنی بەرز نرخاند. لە ماوەی شەڕەکاندا، زانایانی ڕۆژئاوایی بەسەر بۆچوونەکانی ڕابوردوویاندا چوونەوە. ئەو کتێبە زانستیی و فەلسەفییانەی کە پێشتر عەرەبەکان لە زمانی یۆنانیی کۆنەوە کردبوویانە عەرەبیی، وەریانگێڕایەوە سەر زمانی لاتین. ئیسپانیا بۆ ئەم کارە پتر لێهاتوو بوو، چونکە عەرەبەکان باشووری ئەم وڵاتەیان لە دەستدابوو. ڕادەی فەرهەنگ و ئاوەدانکردنەوەی ئیسپانیا گەشەکراوەتر لە هەموو ئەوروپا بوو. لە ئیسپانیا دەرەتانی ئەوە هەبوو کە بەیارمەتی وەرگرتن لە زانایانی موسوڵمان، کتێبە کۆنەکانی یۆنان لە عەرەبییەوە وەرگێڕن. ئەوروپای ڕۆژئاوا بەرەبەرە میراتەکانی ڕابوردووی دەستخست و تەنانەت ئەگەر شەڕی خاچ لە سەرەتادا ئامانجێکی وای نەبوو. ئەوروپا لە بواری سەربازییەوە، بەهۆی ناکۆکییەکانی ناوخۆیی وەک ڕابوردوو لاواز مایەوە و نەیتوانی پاشەکشە بەهێرشکەرانی ڕۆژهەڵات بکات. ئەوروپا لە ساڵانی ١٢٠٦دا، لەگەڵ هەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژوار ڕووبەڕوو بوو. لەو ساڵانەدا بوو کە هۆزەکانی ئاسیای ناوەندیی بەسەرۆکایەتی چەنگیزخانی مەنگۆل (مەغۆل)، کە لێهاتوویەکی بلیمەتی سەربازیی بوو، یەکیان گرت.

**مەنگۆلییەکان هێرش دەبەنە سەر ئەوروپا:** چەنگیزخان سوپایەکی سوارەی لە ڕادەبەدەر مەزنی پێک هێنا و لەگەڵ کوڕ و نەوەکانی کە دواتر جێیان گرتەوە، زنجیرە سەرکەوتنێکیان بەدەستهێنا. لە ساڵانی